# شیعری نانۆ وەک فۆرمێکی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا

**کاوە عەلی مەردان**
**(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی)**

## پێشەکی

تەکنۆلۆژیای نانۆ وەک دوایین تەکنیکی زانستی سەردەم هاتووەتە ناو کایەی توێژینەوە زانستییەکان و پانتاییەکی فراوانی لەم نێوەندەدا گرتووە، بەجۆرێک خۆی خزاندووەتە نێو بوارەکانی تەکنۆلۆژیای پیشەسازی و پزیشکی و سەربازی و وزە ... تاد. قەبارەی ئەم تەنە تەکنۆلۆژییە زۆر بچووک و وردە بەڕادەیەک بەچاو نابینرێت، ئاشکرایە ئەو گۆڕانکارییە بەردەوامەی ژیانی زانستی و ڕۆشنبیری و تەکنۆلۆژییەی بە کۆمەڵگەدا گوزەر دەکات، زۆرجار چەمک و ئایدیا و قەوارەی خستووەتە بەردەم گەشە و گۆڕان و زۆربەی بوارەکانی لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچ کردووە، ئەوەی لەم نێوەندەدا دەبینرێت، ئەدەبیش لەژێر کاریگەری ئەو گۆڕانکارییەدا هەوڵی خۆگونجاندن و نوێبوونەوەی داوە، لەژێر هەژموونی ئەو گەشە و گۆڕانەدا شیعر مژوولی ئەوە بووە فۆرمی نوێ پێشکەش بکات، لەم گۆشەنیگایەوە دەکرێ (نانۆشیعر) بە تازەترین فۆرم و شێوازی نوێی شیعری کوردی دەستنیشان بکرێت، کە ژمارەی وشەکانی سنووردارە و زمانی شعرەکانیش هێندە چڕ و گوشراوە تا ئاستی ڕوحی واتای وشەکان هەنگاوی ناوە.

## زاراوە و چەمکی تەکنۆلۆژیای نانۆ

نانۆ زاراوەیەکە لەبواری تەکنۆلۆژیای پیشەسازی بەکاردێت، ئەم زانستە نوێیە بووەتە جێگەی باس و گرنگی پێدانی زۆربەی ناوەندەکانی توێژینەوە، بۆ ئەم مەبەستە دەیان پەیمانگە و سەنتەری تایبەت بە پەرەپێدان و توێژینەوە لەزۆربەی وڵاتان دامەزراوە و بەردەوام کاری لەسەردەکەن ((بنەڕەتی وشەی نانۆ دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (Nanus)ی یۆنانی کە بە واتای کورتەباڵا (قزم)، یان زۆر بچووک دێت)) (الاسكندراني، ٢٠١٠: ١٧) بەکاهێنانی وشەی نانۆ مەبەست لە بچووکی قەبارەکەیەتی.

هەزارەی سێیەم بەشۆڕشی تەکنۆلۆژیای نانۆ دەناسرێت، جێی باسە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەرلەوەی شۆڕشی نانۆ هەژموونی

بەسەر بوارە پیشەسازییەکاندا ببینرێت، زاناکان سەرنجیان خستبووە سەر چۆنیەتی بچووککردنەوەی گەردیلەکان بۆ ئاستی بچووک و هەرە بچووکتر، تا لەدواجار پەیان بە تەنە زۆر وردیلەکان برد و لێرەوە تەکنۆلۆژیای نانۆ هاتەئاراوە، قەبارەی ئەم تەنە تەکنۆلۆژییە هێندە ورد و بچووکە هەر باسکردنی مایەی سەرسوڕمان دەبێت؛ چونکە (نانۆمەتر یەک لەسەر ملیاری مەترێکە، ئەم نانۆمەترە (١٠٠٠٠٠) جار بچووکترە لە دەنکە لم، تیرەی یەک تاڵ لە قژی مرۆڤ (٨٠٠٠٠) نانۆمەترە، واتە تیرەی یەک تاڵ لە قژی مرۆڤ (٨٠٠٠٠) نانۆمەترە (دوکانی، ٢٠١١ : ١٣) وردی قەبارەی ئەم تەکنۆلۆژیا نوێیە وای کردووە زانایانی بوارەکە مامەڵە لەگەڵ بچووکترین خانە و پێکهاتەی گەردیلەیی بکەن و بتوانن بۆ سوودی مرۆڤ بەکاری بهێنن، بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ ئەو بوارانەی کە تەکنۆلۆژیای نانۆ کاری لەسەر کردوون، پۆلین بکرێن بۆ بوارەکانی: (پیشەسازی، پزیشکی، وزە، ئابووری، کشتوکاڵی، ژینگە، سەربازی) (Charles Frank 2003 : 23) بەهۆی بچووکی قەبارە و پێکهاتەی ئەم تەنە گەردیلەییە توانراوە لە بواری سەربازی بەکاربهێنرێت و فڕۆکەی قەبارە زۆر بچووک بەرهەم بهێنرێت، هێندەی مێروویەکی وەک زەردەواڵە بێت کە بۆ مەبەستی سیخوڕی و کۆکردنەوەی زانیاری ورد بەکاربهێنرێت.

## شیعری نانۆ وەک ڕواڵەتێکی نوێ

پێشتر باسمان لەوەکرد نانۆ وەک دوایین شێواز و تەکنیکی پێشکەوتووی بواری تەکنۆلۆژیایە و جێی بایەخ بووە، بەڵام لێرەوە ئیتر قسەوباسی ئێمە لەسەر خودی تەکنۆلۆژیای نانۆ نییە، بەڵکوو گەرەکمانە قسە لەسەر ئەدەب بکەین، ئەویش فۆرمێکی نوێی شیعرییە، بەناوی



**هاشم سەڕاج**

(نانۆشیعر) بۆ ئەم مەبەستە ئەدەب ڕاستەوخۆ کەڵکی لە بابەتە زانستییەکە وەرگرتووە و هاوشێوەی بوارە تەکنۆلۆژییەکە ژانری شیعر خەریکی خۆ بچووککردنەوە و چڕکردنەوەیە لەمەڕ ئابووری کردن لەبەکارهێنانی وشەو پتر ڕۆچوونە ناو قووڵایی ماناکان، نانۆشیعر هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوە چڕکردووەتەوە تاکوو بەکەمترین وشە زۆرترین واتا بگەیەنێت، فۆرمە نوێیەکە دەیەوێ خوێنەر بەرەو قووڵایی مەبەستەکان ڕاکێشێت و بەدیارخۆیدا بیهێڵێتەوە. هەڵبەتە ئەم حاڵەتەی بەسەر ژانری شیعردا هاتووە لەژێر کاریگەری زانستە تەکنۆلۆژییەکەدا ڕووی داوە و شیعریش پاڵپشتی ئەم بابەت و گۆڕاکارییەی کردووە و لە بەرگ و فۆرمێکی نوێدا خۆی نواندووە، جێی بیرهێنانەوەیە پێشتریش (مۆبایلە شیعر) وەک فۆرمێکی نوێی شیعری بەدیارکەوتووە، دیسان ئەمەش لەژێر کاریگەری تەکنۆلۆژیا خزێنراوەتە نێو ئەدەب و شیعریش باوەشی پێداکردووە و هاوشێوەی کورتەنامەکانی مۆبایل (SMS) دایڕشتووە.

وەک پێناسە (نانۆشیعر) بریتییە لە ((شیعرێکی یەکجار ورد، گرەو لەسەر کورتبڕییەکی یەکجار کورت دەکات و ژمارەی وشەکانی پێنج وشەیە و پشت بە کردەوەیەکی چڕی ناو زمان دەبەستێت و دەیەوێت دەوری خوێنەر لە هەموو لایەکەوە بدات)) (محەمەد، ٢٠١٤ : ١٧) ئەوەی لەم پێناسەیەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە زۆر جەخت لەسەر کورتکردنەوە و دەست بە وشەوە گرتن لە بەرهەمهێنانی دەقی شیعریدا کراوە و زمان بەشێوەیەکی یەکجار زۆر چڕدەکرێتەوە و گوشراوە بۆ ئاستی وەرگرتنی ڕوحی زمانەکە و وەلانانی جەستە و زیادییەکانی، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، مەرج نییە ژمارەی وشەکانی (نانۆشیعر) پینج وشە بێت، بەڵکوو دەکرێ لەچوار وشە کەمتر و لەپێنج و شەش پتر بێت.

لەبارەی زمانی دەقەوە دەکرێ بگوترێ زمان ئەرکی لە تێکڕای ڕەگەزەکانی تری نێو دەق سەرەکیترە و بە بڕبڕەی پشتی دەقی شیعری دادەنرێت، بەشێوەیەک ((زمان لەنێو هەموو ژانرەکانی ئەدەبدا خاوەن گرنگی تایبەتی خۆیەتی، بەڵام لە شیعری نانۆدا ڕۆڵێکی کاریگەر و کاراتری هەیە بەو پێیەی وەزیفەکەی قورستر دەبێت)) (سدیق، ٢٠١٧ : ٨٣)؛ چونکە زمان چڕدەکرێتەوە و لە قاڵب دەدرێت بۆ ئەوەی بەکەمترین وشە زۆرترین وێنە بخاتە بەرچاو و گوزارشت لە دۆخێک بکات، کەواتە: ئەرکی زمان لە نێو ئەم فۆرمە شیعرییەدا زۆر قورسە و پێویستی بە شارەزایی و لێزانینی دەقنووس هەیە، وەک چۆن گەردیلە وردەکانی نانۆ بچووک کراونەتەوە بۆ ئاستی هەرە بچووک، لەنێو شیعری نانۆشدا بەهەمان شێوە زمان ڕۆڵی ئەو گەردیلە وردانەی پێ سپێردراوە، بۆیە ئەرکی زمان لەم نێوەندەدا سەخت و قورستربووە.



**عەباس عەبدوڵڵا یووسف**

## بابەت و ڕەهەندی شیعرەکان

بەو پێیەی کەرەستەی کارکردنی توێژینەوەکەمان تایبەت کردووە بە شیعرە نانۆکانی (هاشم سەڕاج و عەباس عەبدوڵڵا):

**یەکەمیان:** هاشم سەڕاج کتێبەکەی بە ناوونیشانی (شیعری نانۆ) لە دووتوێی ١٩٩ لاپەڕە پێکهاتووە و عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا پێشەکییەکەی بۆ نووسیوە، تێکڕای شیعرەکانی نێو ئەم کتێبە نانۆشیعرن.

**دووەمیان:** عەباس عبدوڵڵا یووسف کتێبەکەی بە ناوونیشانی (نانۆ تاتۆ دەکەم) (١١٧) لاپەڕەیە و (٨٦٠) هۆنراوەی تاکدێڕی لەخۆگرتووە، چاپخانەی شەهاب لە هەولێر ساڵی ٢٠١٣ بۆی چاپ کردووە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم ڕەهەندانەی خوارەوەمان لەنێو شیعرەکانی هەردوو کتێبەکەدا دەستنیشان کردوون:

**یەکەم:** لە بارەی ڕەهەندی ئەدەبییەوە:

هاشم سەڕاج لە ڕێگەی شیعری نانۆوە هەوڵی داوە قسە لەسەر خودی شیعر بکات و وەک بابەتێک وورووژاندوویەتی و هێناویەتییە بەر

باسـوخواس کـە دەڵـێ:

**شیعر ئاوە**

**شوناسێکی جێگیری نییە** (سەڕاج، ٢٠١٢ : ٨٥)

ئـەم پارچـە شـیعرە لـەڕووی ژمـارەوە لـە پێنج وشـە پێکهاتـووە، کـە تێیـدا شـاعیر بـە شـێوەیەکی چڕ و پوخت و لـە چوارچێوەی چەند وشـەیەکی کورتـدا هـەوڵ دەدات پێناسـەی شـیعر بخاتـەڕوو، پێیوایـە شـیعر خـاوەن شـوناس و ناسـنامەیەکی تایبـەت و دیاریکراو نییـە و بـەردەوام لە گۆڕاندایە؛ چونکـە خـاوەن قاڵبێکـی جێگیـر و وەسـتاو نییـە، گەرەکیەتـی بڵـێ وەک چـۆن ئـاو خـاوەن خەسـڵەتێکی تایبەتـە و هاوشـێوەی پێکهاتەکانـی تـری سروشـت ڕۆڵـی کاریگـەر لەبەردەوامی ژیانی بوونـەوەرەکان دەبینێـت، بەجۆرێـک ئـاو توانایـی تێکەڵبوونـی لەگـەڵ پێکهاتـە سـەرەکییەکانی سروشـتدا هەیـە، تەنانـەت بـۆ بەردەوامـی ژیـان پێویسـتیان پێـی هەیـە، شـیعریش وەک ئـاو تێکەڵ بـە هەمـوو ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤایەتـی دەبێت، یـان دەتوانیـن بڵێیـن لەبـەر ئـەوەی شـیعر زادەی ناخـی مرۆڤـە، بۆیـە لـە هـەر شـوێنێک بابەتێکـی پەیوەنـددار بـە بوونـی مرۆڤـەوە هەبێـت، شـیعر ئامادەیی هەیـە، لەبـەر ئەمەیـە شـیعر نەیتوانیـوە خاوەنداریێتی لـە ناسنامەی تایبەتـی خـۆی بکات.

لـە دەقێکـی تـردا دەڵـێ:

**گرنگ ئەوەیە کە شیعر**

**نەکەوێتە مۆزەخانە** (سەڕاج، ٢٠١٢ : ٧٢)

لێرەدا وادەردەکەوێت شاعیر لە خەمی ئـەدەب بەگشـتی و شـیعر بەتایبەتیـدا بێـت، پەیامێـک ئاراسـتەی ئـەدەب دۆستان دەکات و دەڵـێ: نابێت شـیعر لەناوبچێـت و کۆتایـی بێـت، ئاشـکرایە مۆزەخانـە- مـووزە) شـوێنێکە بـۆ پاشـماوە و کەلەپـوور و شارسـتانیەتی مرۆڤەکانـی ڕابـوردوو، واتـە ئـەو شـتومەکانەی کـە لـە ڕابـوردوودا بەهـا و سـوودیان هەبـووە، ئێسـتا تەنیـا بـۆ پیشـاندان و خسـتنەڕوو لـە شـوێنێکی تایبـەت دادەنرێـن بەنـاوی مۆزەخانـە تـا خەڵکـی ڕووی تێبکـەن بـۆ تەماشاکردن، ڕەنگـە شـاعیر هەسـتی بـە مەترسـی لەسـەر کاڵبوونـەوەی ئـەدەب بەگشـتی و شـیعر بەتایبەتـی کردبێـت، ئەمـەش بەهـۆی ئـەو تەوژمـە خێرایـەی کـە تەکنۆلۆژیـا وەرێـی خسـتووە و هەمـوو شـتێکی داوەتـەوە دوای خۆیـەوە و باڵـی بەسـەر کۆمەڵـگای مرۆڤایەتیـدا کێشـاوە، ئـەم گۆڕانکارییانـەش لەخۆیانـدا مەترسـین بـۆ سـەر ئـەدەب و خواسـت و خولیـای خوێندنەوەیـان بەرەو کـزی و لاوازی بـردووە، لـەم سـۆنگەیەوە شـاعیر هۆشـیارانە هەسـتی بـەم مەترسـییە کـردووە و دەقێکـی شـیعری لـە پێنـاودا هۆنیوەتـەوە.

**دووەم:** ڕەهەندی فەلسەفی:

ڕەهەنـدی فەلسـەفی لـەو ڕەهەندانەیـە لەنێـو شـیعرەکانی هاشـم سـەڕاج بەزەقـی بەرچـاو دەکەوێـت، لـەو نێوەنـدەدا بابەتـی مـەرگ و ژیـان و بیرکردنـەوە لـە هاتنـە دنیـا و پاشـان مـردن و بەجێ هێشـتنی یەکجارەکی، زۆر لەمێژە بابەتـی گەرمـی فەیلەسـووف و بیرمەنـدان بـووە و لـەم مەسـەلەیەیان کۆڵیوەتـەوە. لـەم بارەیـەوە سـەڕاج لـە شـیعرێکدا دەڵـێ:

**مەرگ**

**ترێی ڕەزی تەمەن**

**دەڕنێ** (سەڕاج، ٢٠١٢ : ١٢٩)

شـاعیر لەڕێگـەی دروسـتکردنی وێنەیەکـی هونـەری و ئیسـتێتیکییەوە دەقێکـی جوانـی مەزراندووە، ئەویش بەهـۆی لێکچواندنی تـرێ بە ڕوحـی مرۆڤـەکان و ڕەزیـش بـە ژیـان، ئاشـکرایە بـەری درەختـەکان کـە پێگەیشـت دەبێـت بڕندرێـت و لـێ بکرێتـەوە، ئەگەرنـا خـۆی لـە درەختەکـە دەکەوێتـە خـوارەوە، هەڵبەتـە ئـەو ڕنینـەی شـاعیر مەبەسـتیەتی مردنـی ڕوحەکانـە، بەتایبـەت بـۆ ئەو

کەسانەی کە بە قۆناغەکانی تەمەن گوزەریان کردووە و گەیشتوونەتە دوا وێستەگەکانی ژیانیان.

لەلایەکی ترەوە باس لەتەمەن دەکات، ئاشکرایە تەمەنی هەر بوونەوەرێک دیاری کراوە و کۆتایی پێ دێت، واتە هەرچەندە تەمەنەکە درێژیش بێت، دواجار دەگاتە وێستگەی کۆتایی، هاشم سەراج لە شیعرێکدا بەم شێوەیە باسی تەمەن دەکات:

**پیری**
**یاریکردنە بەهەڵماتەکانی**
**خەیاڵ و بیرەوەری** (سەراج، ٢٠١٢ : ٩٨)

یەکێک لە قۆناغەکانی تەمەن پیرییە کە بە دواوێستگەی تەمەنیش ناسراوە؛ چونکە لە دوای ئەو قۆناغەی تەمەن، مەرگ چاوەڕوانە، پیریی لەگەڵ ئەوەی قۆناغی تەواو بوون و پێگەیشتنی عەقڵ و هۆش و ئەزموونە، مرۆڤی خاوەن تەمەن زۆرجار بە ئەزموونداد ناوبراوە و وەک پێشەوایەک تەماشاکراوە، بەڵام ئەم وێستگەی پیرییە بۆ کەسەکە مایەی دڵخۆشی نییە؛ چونکە لە ژیان لێ بووەتەوە و بوخچە و بوزگوڕی کۆکردووەتەوە و چاوەڕوانی کاتی سەفەری هەتاهەتاییە، دەزانێ ئیدی گەڕانەوەیەک بوونی نییە هەروەک زەمەن کە ڕۆیشت گەڕانەوەی بۆ نییە، جێی باسە مرۆڤ لەتەمەنی پیریدا، هەمیشە خەیاڵی دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی منداڵی و ئەو یاری و کەیف و خۆشیانەی ژیانیان جوانتر و خۆشتر کردبوو، چێژی تایبەتیان بەمنداڵێتی دەبەخشی، وەک یاریکردن بە هەڵمات کە شاعیر خواستوویەتی و لە نێو شیعرەکەیدا بەرجەستەی کردووە.

عەباس عەبدوڵڵا یووسف لەپارچە شیعرێکدا هێما بۆ بابەتێک دەکات کە پەیوەستە بە جیاوازی لە ڕوانینی نێوان ژن و پیاو بۆ دەوروبەر و شتەکان کە دەڵێ:

**ژمارەی چاوەکانی ئافرەت لەئی پیاو زیاترن**
(یووسف، ٢٠١٣: ١٥)

لەم تێکستە تاکدێڕییەدا دەقنووس مەبەستێکی لەدووتوێی دەقەکەدا بنیادناوە و دەیەوێ ئەو زانیارییە پشتڕاست بکاتەوە کە دەگوترێ ئافرەتان لەڕوانین و سەرنجدان بۆ دەوروبەر و شتەکان بەتایبەت بۆ هەندێ شت و بابەتی دیاریکراو وردتر و بە سەلیقەترن، ئەوان پتر سەرنجدانیان چڕدەکەنەوە و دەیخەنە سەر هەموو ئەوانەی دەکەونە بەر دیدەیان، بەم کارەش توانایی دۆزینەوە و بەدەستهێنانی زانیاری لەو بارەیەوە زۆرتر دەبن، هاوکات شاعیر مەبەستیەتی بڵێ پیاوان وەکوو ئافرەتان لە ڕوانینیاندا ورد و بە سەرنج نین، بەڵکوو پیاوان سەرپێی دەڕواننە دەوروبەر و شتەکان.

ئەوەی لێرەدا بەدیار دەکەوێت شاعیر توانیویەتی تاڕادەیەک وێنەیەکی شیعری لەنێو تێکستەکەیدا ڕۆبنێت، ئەمەش بە دەستبردن بۆ واتای ڕاستەقینە و بەکارهێنانی بۆ مەبەستی خوازراو، چونکە ئاشکرایە کە مرۆڤ تەنیا خاوەنی دوو چاوی ئاشکرایە و هیچی تر، شاعیر بەمەبەست باسی بوونی زۆرتری چاوی ئافرەتان دەکات لەهی پیاوان، ڕاستییەکەی ژمارەی چاوەکانی پیاوان و ئافرەتان وەکوو یەک و یەکسانن.

**سێیەم:** ڕەهەندی خۆشەویستی:

ئاشکرایە خۆشەویستی بابەتێکە پێوەندی بە هەست و سۆزی مرۆڤەوە هەیە و لە دڵەوە سەرچاوە دەگرێت، عیشق هێزێکە هەموو سنوورەکان دەبەزێنێت، ئەم حاڵەتی عیشقەش ئەگەر بگات بە چڵەپۆپە لەنێوان هەردوو ڕەگەز، هێزی عەقڵ لاواز دەبێ و لە بەرانبەردا سۆز جێگەی دەگرێتەوە، لە دۆخێکی لەم شێوەیەدا مرۆڤی عاشق تەنیا کار بە سۆزە زاڵبووەکەی

دەکات و هیچی تر. بۆ نموونە شاعیر دەڵێ:

**لە ڕۆژانی بەفرانباردا**

**ماچت گەرمە** (سەڕاج، ٢٠١٢ : ٦٢)

شاعیر لە ڕێگەی گەمەی زمانەوانییەوە واتای تازەی بە دەقەکەی بەخشیوە هاوکات ئیستێتیکایەکی شیعری جوانی ڕۆناوە و توانیویەتی بەهۆی گوڵبژێرکردنی وشەوە دەقێک بنیاد بنێت کە خاوەن بنەما و ئیستێتیکای شیعری جوان بێت، هەڵبەتە ئەم کارەشی لەڕێگەی چڕکردنەوە و گوشینی وشەکانی نێو زمان بەئەنجام گەیاندووە، سەڕاج دەیەوێ بڵێ: هەرچەندە ڕۆژی بەفرانبار کە یەکێکە لەناوی مانگە کوردییەکان و دەکەوێتە ناوەڕاستی وەرزی زستان و لە کوردەواریدا بە چلەی زستان ناسراوە، بەڵام شاعیر هێندە تامەزرۆی خۆشەویستەکەیەتی لای وایە تەنیا بە ماچێکی جەستەی، لە ساردی ڕەقهەڵاتووی زستان گەرم و گوڕدەبێتەوە، لە بارەی خۆشەویستییەوە لە کۆپلە شیعرێکی تردا دەڵێ:

**بە ڕووتی دەرکەوی**

**مانگ بەسەرتا**

**هەڵدەوەرێ** (سەڕاج، ٢٠١٢ : ١٤٣)

شاعیر بۆ دەربڕینی هەستی خۆی بەرانبەر بە خۆشەویستەکەی، هەموو سنوورە حەرامکراوەکان دەبەزێنێت، هەروەک لە ڕێگەی وەرگرتنی جەستەی ڕووتی ئافرەت و مانگ وێنەیەکی جوان و ئیستێتیکای شیعرەکەی مەزراندووە، ئەویش بە دەستکاریکردنی لایەنی واتایی وشەکان و هەڵاوێردکردنیان بۆ واتای خوازراو؛ چونکە ڕاستییەکەی مانگ هەڵناوەرێ، جا بەرانبەر بە یار بێت، یان هەر شتێکی دیکە، بەڵام شاعیر بە مەبەست ئەم گەمەکارییەی لەنێو زمانی شیعرەکەیدا کردووە تاکوو بەهای ئیستێتیکای شیعرەکەی بەرز بکاتەوە.

**چوارەم:** ڕەهەندی ڕەخنەیی:

(١) ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات:

شاعیران و نووسەران وەک توێژێکی زیندوو و خاوەن هۆشیاری بەر لە خەڵکی سادە و ساکار درک بە نادادی و خراپ پیادەکردنی یاسا و دەسەڵات دەکەن، لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، لەم بارەیەوە دەبینین سەڕاج دەڵێ:

**دادپەروەری**

**کیژۆڵەیەکی کلینسفرۆشی بەر ترافیکە**

(سەڕاج، ٢٠١٢ : ٩٣)

شاعیر نموونەیەکی جوانی خزاندووەتە نێو شیعرەکەی و بە توانجەوە باسی دادپەروەری و ئیدارەدانی دەسەڵات دەکات، کە بەزمانێکی تەنزئامێز ڕەخنە ئاراستەی دەسەڵاتداران دەکات، وای دەبینێت ئەگەر دادپەروەری هەبێت، یان هەیە، بۆچی دەبێت کیژۆڵەیەک بێبەش بێت لە هەموو مافە سەرەتاییەکانی ژیانی؟ تەنانەت لە مومارەسەکردنی منداڵێتی خۆی بێبەش بێت! لەجیاتی پیادەکردنی مافەکانی خۆی، خەریکی کلینسفرۆشتن بێت بەسەرما و گەرما لە ترافیک لایتەکان ڕاوەستا بێت، لێرەوە شاعیر دەسەڵاتی بەسەر دەقەکەدا شکاوە و بابەتی دادپەروەری و کیژۆڵەیەک دەبن بە هەوێنی دروست بوونی دەقێکی شیعری، کە ئیستێتیکای هونەریانەی لێ دەچۆڕێت، لە شیعرێکی تریشدا دەڵێ:

**جوانترین گوتاری شاراوەی دەسەڵات**

**نادادپەروەرییە** (سەڕاج، ٢٠١٢ : ٩١)

هەر لەبارەی دەسەڵات و نادادییەوە، شاعیر دەقێکی تری هۆنیوەتەوە، دەیەوێ بڵێ ئەو گوتارانەی دەسەڵات ئاراستەی ڕای گشتی دەکات مەرج نییە ڕاست بن، بەڵکوو ڕاستیودروستی بابەتی دادپەروەری ئەوەیە ئاخۆ دەسەڵات لە خەمی دادپەروەری دایە و یاسا سەروەرە، هەموو هاووڵاتییەک ماف و ژیانی لەنێو سیستمێکی

سیاسیدا پارێزراوە؟ یان نەخێر بە پێچەوانەوە ڕاستە، شاعیریش جوانی هێناوە، توانیویەتی لێرەوە دەقەکەی خۆی بنیادبنێت و وێنەیەکی جوانی هونەری پێشکەش بکات، لەولایشەوە سەرنجی خوێنەری بردووەتە سەر دەسەڵات و دادپەروەری.

(٢) ڕەخنەگرتن لە ئایدیۆلۆژیا:

لەبارەی ئایدیۆلۆژیاوە سەڕاج ڕەفزی بوونی هەموو ئایدیۆلۆژیایەک دەکات، پێیوایە خزمەت بە کۆمەڵگا ناکات وەک دەڵێ:

**ئایدیۆلۆژیا**

**ڕستێک شووشەی**

**ژەهرە** (سەڕاج، ٢٠١٢ : ١٧٩)

لێرەدا شاعیر بێزارە لە هەموو جۆرەکانی ئایدیۆلۆژیا و وای دەبینێت نەک هەر خزمەت بە کۆمەڵ ناکەن، بەڵکوو وەکوو کۆمەڵێک شووشەی ژەهرن و دەرخواردی خەڵک دەدرێن، لەڕێگەی ئایدیۆلۆژیا و ژەهرەوە وێنەیەکی هونەری لەنێو دەقەکەی مەزراندووە، گەرەکیەتی بە ڕای گشتی بڵێت مەکەونە داوی هیچ جۆرە فیکر و ئایدیۆلۆژیایەک؛ چونکە نەک هەر سوود بە کەس ناگەیەنن، لەهەمبەردا وەکوو ژەهرێکن دژ بە ئاشتی و برایەتی و پێکەوە ژیان، ڕوونە لای هەمووان کە هیچ جۆرە ئایدیۆلۆژیایەک ناتوانێ بیروڕای سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵ دەستەمۆ بکات، بەڵکوو پەرتەوازەیی بەرهەم دەهێنێت.

لەکۆپلەیەکی تردا دەڵێ:

**جیهان پڕبووە لە**

**کۆمپانیای ئایدیۆلۆژی** (سەڕاج، ٢٠١٢ : ١٠٧)

دیسان شاعیر بە تانەوتەشەرەوە باس لە ئایدیۆلۆژیا دەکات، تەنانەت وەکوو کۆمپانیایەک دەیهێنێتە بەرچاو، ئاشکرایە کە کاری کۆمپانیا بازرگانییە و لەخەمی کۆکردنەوەی داهات دایە جا بە هەر نرخێک بێت بێ گوێدانە هیچ بەهایەکی مرۆیی، شاعیر لێرەوە ئیستێتیکای شیعرەکەی بنیادناوە، ئەویش بە چواندنی ئایدیۆلۆژیا بە کۆمپانیا ؛ چونکە بە بۆچوونی شاعیر دواجار ئەوانەی لە پشت هەر ئایدیۆلۆژیایەکەوەن، مەبەستیان گەیشتنە بە دەسەڵات و لەوێشەوە خۆ دەوڵەمەند کردن.

(٣) ڕەخنەگرتن لە کرداری ناپەسەند:

لەم بارەیەوە عەباس عەبدوڵڵا لە شیعرێکدا دەڵێ:

**زێڕ حەسادەت بە تەنەکە دەبات زێدە ئێرەیشی بە ژەنگەکەیەتی**

(یووسف، ٢٠١٣: ٦٠)

عەباس عەبدوڵڵا بەکەڵک وەرگرتن لە هەردوو پێکهاتەی زێڕ و ژەنگ و وەرگرتنیان بۆ واتای خوازراو، دەقێکی شیعری جوانی بنیادناوە، ئەو کردەیەشی لەڕێگەی خواستنەوە بە ئەنجام گەیاندووە، خواستنەکەش ئەوەیە کە پێیوایە هەندێک لە دەوڵەمەندان هێندە خۆویستن، تەنانەت چاویان بە بوونی نانێکی ڕووتی هەژارانیشدا هەڵنایەت و حەسوودیان پێ دەبەن و پێیان خۆش نییە هەژاران و کەمدەرامەتان ژیانێکی ئاسایی و سادەش بەرێ بکەن، ئەوەی لە دەقەکەدا دەخوێنرێتەوە شاعیر زێڕی بە مرۆڤی هەبوون و تەنەکە و ژەنگیشی بە مرۆڤی نەبوون هەژار چواندووە، شاعیر بەمەبەست بەم شێوەیە دەستکاری واتا و مەبەستی ئەو جۆرە دەستەواژانەی کردووە و لێرەوە ئیستێتیکای شیعرەکەی مەزراندووە.

**پێنجەم:** ڕەهەندی نیشتمانی:

ڕەهەندی نیشتمانی لای زۆربەی شاعیران چ دێرینەکان، چ نوێخوازەکان بە شێوەیەکی بەرچاو ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە هاشم سەڕاج لە دەقێکدا دەڵێ:

**لە جزیرە**

**لە چاوی خەفەتباری مانگاکان**

**ڕامام** (سەڕاج، ٢٠١٢ : ١٥٧)

جزیرە یەکێکە لە ناوچە کوردییەکانی باکووری کوردستان، لە پاش ڕووخاندنی میرنیشینی بۆتانەوە ئەو پارچەیەی کوردستان هەوای ئازادی هەڵنەمژیوە، ئەگەر ڕاپەڕین و شۆڕشێکیش هەبووبێت، هەرزوو بەزەبری هێز سەرکوت کراوە، شاعیر دەیەوێ بڵێ تەنانەت ئاژەڵەکانیش خەمی داگیرکاری دەسەڵاتی تورکیا لە چاویان دەخوێنرێتەوە، بەڕوانین لە چاوی مانگاکانی جزیرە ئەو ڕاستییەم بۆ ئاشکرابوو کە ئاژەڵەکانیش هاوشێوەی مرۆڤەکانی ئەو شارە خەمی نیشتمان بە ڕوخساریانەوە دیارە، ڕاستییەکەی گیانداران درک بەو جۆرە بابەتانە ناکەن، بەڵام شاعیر بەمەبەست بەو جۆرە باسی ئاژەڵ دەکات بۆ ئەوەی دەقێکی شیعری خاوەن ئیستێتیکا بنیاد بنێت.

دیسان لە شیعرێکی تردا دەڵێ:

**لە جزیرە**

**سروشت**

**بە لەتکراوی**

**دەدوێ** (سەڕاج، ٢٠١٢ : ١٥٧)

هەر لەبارەی بابەتی نیشتمانییەوە شاعیر ئەم جارەیان باس لە سروشت دەکات، پێیوایە تەنانەت شاخ و دەشت و دار و بەردی جزیرە خەمی نیشتمانی لەکۆڵ ناوە و ئەو داگیرکاری و دابەشکارییەی داگیرکەران بەسەر خاک و وڵاتی کوردانیان هێناوە لە دابەشکردن بەسەر خۆیان هەستی پێدەکرێت، واتە سروشتی جزیرە بدوێنی باسی خەمی لەتلەتبوونی نیشتمان دەکات، شاعیر زیرەکانە و لەڕێگەی سروشتەوە ئیستێتیکای دەقەکەی مەزراندووە و دەقێکی شیعری جوانی هۆنیوەتەوە کە بۆنی خەمی نیشتمانی لێ دێت.

**شەشەم: ڕەهەندی ئایینی:**

عەباس عبدوڵڵا لە شیعرێکدا دەڵێ:

**لە زەویلەرزە مەپرسە بۆ واتکرد!**

لەم پارچەشیعرەدا کە ژمارەی وشەکانی پێنج وشەن، عەباس عەبدوڵڵا باسی بابەتی زەمینلەرزە، یان بومەلەرزە دەکات، لێرەدا شاعیر ڕوودانی بومەلەرزەی نەبەستووەتەوە بە دیاردە و ڕووداوێکی سروشتییەوە، کە ساڵانە لە چەندان شوێن و ناوچەی جیاجیای سەرزەوی ڕوودەدەن و کارەسات وماڵوێرانی زۆر بەهۆیەوە دروست دەبێت، بەڵکوو ئەوەی لەم دەقەدا دەخوێنرێتەوە ئەوەیە کە زۆرجار پیاوانی ئایینی هۆشداری دەدەن لەوەی کە پێویستە مرۆڤ خۆی لە تاوان و خراپکاری بەدوور بگرێت بۆ ئەوەی تووشی سزای خودا لەسەر زەوی نەبێت، ئەوان دەڵێن: بەشێوەکی گشتی ڕووداوە سروشتییەکان پەیوەستن بە ڕەفتار و مامەڵەی خودی مرۆڤەکان لەگەڵ خۆیان و ئەو ژینگە و سروشتەی کە تێیدا دەژین، بەواتایەکی دی، ئەوە مرۆڤەکان خۆیانن هۆکاری بوونی ڕووداو و کارەساتی سروشتین وەکوو: لافاو، زەمینلەرزە، بێبارانی، وشکەساڵی... تاد هەموو ئەم ڕووداوانەش لە ئەنجامی تاوان و خراپکاری و پشتکردنە فەرمانەکانی خوداوە دروست دەبن، لەم پارچە شیعرەدا ئەوەی کەمێک لایەنی هونەری بەخشیوەتە دەقەکە و تاڕادەیەک لە قسەگەلێکی ئاسایی جیای کردووەتەوە ئەوەیە، ناکرێ قسە لەگەڵ ڕووداو، یان دیاردەکانی سروشتدا بکرێت، ئەمەش وای کردووە جوانی هونەری دەقەکە لێرەدا بەدیار بکەوێت.

لێرەدا دەمانەوێ چەند سەرنجێکی کورت بخەینەسەر شیعرەکانی (عەباس عەبدوڵڵا یووسف) لە کتێبی (نانۆ تاتۆ دەکەم) سەرنجەکانمان لە دوو گۆشەوە دەخەینەڕوو:

**یەکـەم:** لەبـارەی کورتـی و درێـژی ژمـارەی وشـەی شـیعرەکان: لەبـەر ڕۆشـنایی چەمـک و پێناسـەی ئـەو وردەکارییـەی کـە پێشتر لەبارەی شـیعری نانـۆوە خسـتوومانەڕوو، دەکـرێ بڵێیـن بەشێوەیەکی گشـتی شـیعرەکانی نێو (نانـۆ تاتـۆ دەکـەم) وەکـوو فۆرمێکـی نوێـی شـیعری کـوردی کەمتر هـەر زۆر کەمتر ڕەچاوی کورتبڕی لەژمارەی وشـەکانی شـیعرەکان کراوە، زۆرینـەی شـیعرەکان دووروودرێـژن، تەنانـەت لەنێـو شـیعرەکاندا دەقـی شیعری بەرچاودەکەوێت ژمـارەی وشـەکانی پتـرن لـە بیست وشـە، ئەمـەش نامۆدەبێـت بـە فۆرمـی شیعری نانۆ؛ چونکە (نانۆشیعر) فۆرمێکە گرەو لەسـەر کورتبڕییەکـی کورتتـر دەکات.

**دووەم:** لـەڕووی زمانـەوە، ئـەو زمانـەی لەبەشـێک لەنێـو شـیعرەکانی (نانـۆ تاتۆدەکـەم) بەکارهاتـووە، دەکـرێ بەزمانێـک دابنرێـت دوور لـە زمانـی هەسـت و سـۆز و وشـەی ناسـک، لـە هەمبـەردا زمانێکـی زبـر و وشـەگەلێکی تێـدا بەکارهاتـوون نامـۆن بـە شـیعر و زمانـی شـیعری، بـۆ وێنـە ئـەم وشـانە: (بەڵغەمـەت، ڕشیانەوە، پیرەمێردێکـی کەلـۆس، چڵـکاو، جـڕت و زڕت، گوومیـز، چڵـم، هـەی خـۆڕی، لیـکاوی شـێتان، تانکـی گـوو، ئاودەسـت، وەک ئافـرەت ناتوانـی بحەپـی... تـاد) کـە لەلاپەڕەکانـی (٦٠،٦٦،٦٨ ،٣،٧،١٣،١٥،١٨،٢٠،٢٦،٤٠،٥٤... تـاد) هاتـوون (یووسـف،٢٠١٣: ...). ئاشـکرایە شـیعر خاوەنـی بنەمـا و تایبەتمەنـدی خۆیەتـی و پارێـزگاری لـە ئیسـتێتیکا و لایەنـە هونەرییەکانـی خـۆی دەکات. چـۆن دەکـرێ دەقێـک بـە شـیعر دابنرێـت لـە کاتێکدا خاڵـی بێت لـە زمانێکـی ناسـک و لایەنـی هونەری و ئیسـتێتیکا؟ ئاخر شـیعر لەسـەر بنەمای جوانـی هونەریـی و زمانـی شـیعری بنیـاد دەنرێت، نـەوەک بـە زمانێکـی زبـر و جنێـو ئامێـز، یـان وشـەگەلێکی نامـۆ نـەک هـەر بـە شـیعر، بەڵکـوو نامـۆ بـە قسـەکردنی ئاسایی و نەشیاو بـۆ گوتـن، ئەمـەش وادەکات ئـەو جـۆرە دەقانـە و دەقـی تـری لـەو شـێوەیە، شـیعر خاوەنداریێتیـان لـێ نـەکات.

لەکۆتاییـدا دەتوانیـن بڵێیـن ئـەو گۆڕانکارییـە بەردەوامـەی، کـە ژیانـی زانسـتی و ڕۆشـنبیری و تەکنۆلۆژییـەی کۆمەڵگـەی گرتووەتـەوە، کاریگەری لەسـەر زۆربـەی بـوارەکان دروسـت کـردووە، ئاشکرایە ئەدەبیش وەک قەوارەیـەک کەوتووەتـە بـەر ئـەو گەشـە و گۆڕانـەی کـە تێکڕای کایەکانی ژیانـی گرتووەتـەوە، لـەو نێوەندەشـدا شـیعر هەوڵـی داوە زادەی قۆنـاغ و سـەردەمەکەی خـۆی بێـت و لەگـەڵ گۆڕانکارییەکانـدا هەڵبـکات، لەژێـر کاریگـەری ئـەو پەرەسەندنەشـدا بـە فۆرمێکـی نوێـوە خـۆی نمایـش بـکات، بەدەربڕینێکـی دی، شـیعر وەک ڕواڵەتێکـی ئەدەبـی بـەردەوام مژوڵـی نوێبوونـەوە و خۆگونجانـدن بـووە لەگـەڵ گۆڕانکارییەکانـی سـەردەم، بـۆ ئـەم مەبەسـتە شـیعری هاوچەرخـی کـوردی ئـەم فـۆرم و شـێوازانەی وەک: (پۆسـتەرە شـیعر، خونچـە شیعر، برووسکە شیعر، مۆبایلە شیعر، نانۆشیعر) ی بەخـۆوە بینیـوە لـەم گۆشـەنیگایەوە دەکـرێ (نانۆشـیعر) بـە دواییـن فـۆرم و شـێوازی نوێـی شیعری کوردی دەستنیشـان بکرێت. ئـەم فۆرمـە نوێیـەی شـیعریش خـاوەن بنەمـا و ئیسـتێتیکای تایبـەت بەخۆیەتـی کـە لـەڕووی زمانیشـەوە زۆر چـڕ و پوخـت کـراوە، بۆیـە دەبینیـن بەجۆرێـک کار لەسـەر (نانۆشـیعر) کـراوە بروسـکە ئاسـا بابەتـەکان دەخرێنـە بـەر دیـدی خوێنـەر و لێکدانـەوە و بەدواداچوونیـش بـۆ خـودی خوێنـەر جـێ دەهێڵـن. کەواتـە شـیعری نانـۆ وەک فـلاش لێدانێـک ڕووناکـی دەخاتەسـەر چەمـک و ئایدیـای جیاواز و لـە درزێکـی زۆر بچووکـەوە خوێنـەر بـە نـاخ و ناواخنـی دەق ئاشـنا دەکات.

### ئەنجامەکان

لـە پـاش تەواو بوونـی توێژینەوەکە و خستنەڕووی

ناوەڕۆکی بابەتەکان بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

(١) بەشێوەیەکی گشتی شیعری نانۆ زۆر کورتە و ژمارەی وشەکانی لای هاشم سەڕاج لەنێوان سێ بۆ شەش وشە تێپەڕناکات، بەڵام لای عەباس عەبدوڵلا ژمارەی وشەکان لەنێوان سێ بۆ بیست وشە دان.

(٢) زمان لە شیعری نانۆدا زۆر چڕکراوە و گوشراوە بۆ ئاستی ڕوحی واتایی وشە.

(٣) لە ڕووی ناوەڕۆکەوە شیعرەکان زیاتر ئەم ڕەهەندانەی لەخۆ گرتووە (فەلسەفی، ڕەخنەگرتن، کۆمەڵایەتی، نیشتمانی).

(٤) نانۆشیعرەکان لای هاشم سەڕاج بەجۆرێک بنیادنراون هەر دەقێک پارچە شیعرێک کە بە ژمارە ڕیزبەند کراون، سەربەخۆیی خۆیان هەیە و دەقێک پێوەندی بە دەقێکی ترەوە نییە، بەڵام لای عەباس عەبدوڵلا بەشێوەی تاکدێڕی بنیاد نراون.

(٥) لەڕووی بنیادی هونەری و ئیستێتیکایی شیعرییەوە، لای هەردوو شاعیر بەگشتی دەقەکان خاوەن ئیستێتیکای هونەری جوانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لێرە و لەوێ هەندێ دەق دەبینرێ، کە لەم جۆرە هونەرە خاڵییە.

(٦) لەڕووی زمانەوە دەتوانین بڵێین هاشم سەڕاج وردتر و لێزانانەتر دەستی بۆ وشەگەلێک بردووە کە شیعر تەبەنی دەکەن.

ئەوەی لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانم ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە هەوێنی ئەم بابەت و توێژینەوەیە لە بنەڕەتدا لە سمینارێکی بەڕێز (پ. د. فوئاد ڕەشید)ەوە سەرچاوەی گرتووە، لە کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی بەشی زمانی کوردی ساڵی ٢٠١٣ پێشکەشی کرد.

## سەرچاوەکان


**یەکەم: بەزمانی کوردی:**

**(١) دوکانی، ئەندازیار محەمەد ساڵح فەرەج، (٢٠١١). دەروازەیەک بۆ تەکنۆلۆژیای نانۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.**

**(٢) محەمەد، شاخەوان فەرهاد (٢٠١٤). کورتیلە شیعر لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا بە نموونەی دەقەکانی (قوبادی جەلیزادە، لەتیف هەڵمەت، دڵشاد عەبدوڵلا)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەلێر.**

**(٣) سدیق، ئارام (٢٠١٧). زمان و شیعرییەت، کارکردن لەسەر ئەزموونی شیعری یازدە شاعیری دوای ڕاپەڕین، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.**

**(٤) سەڕاج، هاشم (٢٠١٢). شیعری نانۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.**

**(٥) یووسف، عەباس عەبدوڵلا (٢٠١٣). نانۆتاتۆ دەکەم...!، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.**

**دووەم: بەزمانی عەرەبی:**

**(٦) الاسكندراني، محمد شريف (د)، (٢٠١٠). تكنولوجيا النانو من اجل اعداء افضل، الطبعة الاولى، عالم المعرفة، الكويت.**

**سێیەم: بەزمانی ئینگلیزی:**

(7) Charles P. Frank J.owens (2003). introduction to nan oenology, Wiley, intersequence, Canada.